
## ڕۆژنامەنووس ( رابەر رەشید ) لەلایەن هەندێ لە تەجاوزچییەکانی ( شارۆچکەی پردێ )وە هەڕەشەی لێ دەکرێت

# سەنتەری ڕۆشنبیری پردێ و ناوەندی چاك بە توندی دژ بە هەڕەشەکردنن لە مامۆستا ڕابەر دەوەستنەوە



هەر لە دوای پرۆسەی رووخاندنی رژێمی ئەنفال و خوێن و رەشەکوژی و هاتنە کایەی سەردەمێکی نوێ و گەڕانەوەی ئەوانەی لە شارو زێدی خۆیان ئاوارە و دەربەدەر کرابوون و لە ئۆردوگا و شارەکانی هەرێمی کوردستان دەژیان، لە زۆربەی شارۆچکەکانی سنووری پارێزگای کەرکووکدا، کەسانێکی دڵسۆزو خەمخۆر چ وەکو رۆژنامەنووس و هونەرمەندو رووناکبیری زۆربەی کایەکانی ژیان توانییان تەکانێك بە رەوتی پێشکەوتنی رۆشنبیری و هونەری و وەرزشی بدەن و شانبەشانی کەسانێکیتر خۆ نەویستانە شان بدەنە بەر باری گرانی هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەی کە ساڵانێکی زۆر بوو، ژێر دەستەی ستەمی بەعس بوو. یەکێك لەو تاکە رۆژنامەنووسە دڵسۆزانەی شارۆچکەی پرێ-ش نووسەرو رۆژنامەنووس ( فازڵ رەشید- ناسراو بە رابەر رەشید ) بوو، کە هەر لەگەڵ گەڕانەوەی بۆ شارۆچکەی پردێی سەر بە پارێزگای کەرکووك وەکو رۆژنامەنووسێکی چەپ و سەربەخۆ کەوتە خەمی دامەزراندنی سەنتەرێکی رۆشنبیری سەربەخۆو لەو رۆژەوەش تا ئێستا لە ئەنجامی خستنەڕووی کێشەکانی شارۆچکەکەو دەوروبەری و کەموکوڕی و پۆخلەواتەکانی شارەوانی و بەرپرسانی شار چ لە بڵاوکراوەی ( پردێی ئازاد ) کە تایبەتە بە شارۆچکەکەو لەلایەن سەنتەری رۆشنبیری پردێ-وە دەردەچێ کە رابەر رەشید بەرپرسێتی و چ لە هەردوو تەلەفزێوی ئازادی کەرکوك و هەولێرو هەفتانەمەی هەواڵ و ڕێگای کوردستان و چەند رۆژنامەیەکی تر. چەندینجار کەوتۆتە بەر پەلامارو هەڕەشەی نابەرپرسانەی بەرپرسانی حزبی و حکومی و هەتا خودی هێزە فرە رەگەزەکانیش. دوا جاریش لەرۆژی 2007/12/8 لە ئەنجامی بڵاوکردنەوەی ژمارە ( 42 )ی بڵاوکراوەی پردێی ئازاد کە زمانحاڵی سەنتەری رۆشنبیری پردێیەو لەسەر مانشێتێك کە بەناونیشانی ( دروست کردنی ریزە دوکانی تەوجاز بەردەوامە و دەسەڵاتدارانی حزبی و حکومیی پردێش بێ دەنگ!! )، دوو کەس لەو تەجاوزچیانە کە یەکێکیان جێگری بەڕێوەبەری ناحیەی پردێیەو ئەویتریشیان چەکداری لایەنێکە بە تەلەفۆن و رووبەڕووش هەڕەشەیان لە رۆژنامەنووسی ناوبراو کردوە کە هەرگێز لەسەر ئەو بابەتانەی لەسەر ئەو بابەتانەی لەسەر دوکانی تەجاوز دەینوسێت لێی خۆش نابن و جێگەرەکەی بەڕێوەبەری ناحیە کە کابرایەکی کەم ئەندامە زۆر قسەی ناشیرینی ئاراستە کردووە. بەڵام رابەر رەشید رێگای یاسایی گرتۆتە بەرو کێشەکەی بردۆتە بەردەم دادگا.

زۆبەی بەرپرسەکانی شارۆچکەی پردێ کە لەلایەن حزبەکانەوە دانراون کەسانێکی نەشیاون و تەنها خەمی گیرفان پڕ کردن و تەجاوز کردنیانە لەسەر زەوی و زاری شارەوانی و حەپەلووشکردنی سەرەوت و سامانی گەل و جەماوەری کوردو تورکمانی شارۆچکەکەش ناڕەزاییەکی زۆریان لەسەر ئەو کارو کردەوە خەرا پانەی تەجاوزکاران لا دروست بووەو هیچ دوور نییە گەورەترین خۆپیشاندان لە دژی ئەو رەفتارو دیاردە دزێوانە ئەنجام بدەن.

شایانی باسە هەر لە هەمان رۆژدا راگەیاندنی سەنتەری رۆشنبیری پردێش بەیاننامەیەکی لەو بارەیەوە بڵاوکردۆتەوە کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

## هەندێ لە تەجاوزچییەکانی شار،

## سەرەڕای تەجاوزکردنیان هەڕەشە لە سەرۆکی سەنتەری رۆشنبیری پردێ دەکەن.

**جەماوەری کوردو تورکمانی تێکۆشەری پردێ..**

**حزبو لایەنە سیاسییەکان...**

**خەمخۆرانو دڵسۆزانی پاراستنی سیمای شار....**

**هەروەکو ئاشکرایە لەدوای پرۆسەی لە گۆڕنانی رژێمی بەعسو هاتنەکایەی سەردەمێکی نوێو وەرچەرخانێکی مێژوویی، دەبوایە گۆڕانکارییەکان تێکڕای بوارەکانی ژیانیان بگرتبوایەوەو هەوڵی سڕینەوەی ئاسەواری کردەوەکانی حزبی بەعسی ئەنفالچیو دوژمن بە گەلیان بدابوایە، کەچی زۆر بە داخەوە لە ئەنجامی حاڵی نەبوونی هێزی فرەڕەگەزەکان لە نەریتی چاوچنۆکی و ئەو گەندەڵییەی کە وەکو پاشماوەی بەعس مۆریکانە ئاسا بە ناخی ژمارەیەکی زۆری تاکەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بە گشتی و کۆمەڵگای پردێ بە تایبەتی رۆچوو بووە خواریو بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی لە دانانی کەسانێکی خەمساردو ناشایستە لە شوێنی هەستیارو دڕدۆنگی لایەنە سیاسیەکان لەگەڵ یەکتریو داکۆکیکردن لە هەموو هەنگاوێکی خەرا پی کەسانی سەربەخۆیان، تەنها بە مەبەستی دڵنەڕەنجاندنو دوور نەکەوتنەوەیان لە حزبو تێکەڵ کردنەوەی کەسانێکی سەردەمی بەعس لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی کایەکانی شار. تا کار گەیشتە ئەوەی هەڵپەی تەجاوز کردن لەسەر زەوی و زاری شارەوانی ببێتە دیاردەیەکی ئاسایی لای کەسانێك، جا چ لە ژێر پەردەی کوردایەتیو حزبایەتییەوە بێ، یان لە ژێر هەر پەردەو پاساوێکی ترەوە، بە جۆرێك کە ئەوەی لە شاردا تەجاوز نەکات بە بێدەسەڵاتو کاڵفام و هەتا بێ ئەقڵیشی ناوزەد بکەن. هەر لەگەڵ دامەزراندنی (سەنتەری رۆشنبیری پردێ)ش لەلایەن کەسانێکی دڵسۆزی کوردو تورکمانی شارۆچکەی پردێ-وەو شاندانە بەری ئەرکێکی ئەستەمو گران، کە ئەویش هۆشیارکردنەوەو ئاشناکردنی تاکەکانی کۆمەڵگای پردێو دەوروبەری بوو بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای مەدەنیو پرانسیپە جۆراوجۆرەکانی دیکەی کایەکانی ژیان. بەڵام بەداخەوە پاشەکشە کردنی برا تورکمانەکانو هەوڵی دەست تێوەردانی حزبایەتیو پەلکێش کردنی بۆ ئاقارێکی نامۆ بە پەیڕەو و پرۆگرامی سەنتەرەکەو ئەو ئامانجانەی کە سەنتەرەکەی لە پێناودا دامەزراوە، سەنتەری رۆشنبیری پردێ ناچار بوو زۆربەی هەرە زۆری چالاکییەکانی بکەوێتە سەر سەرۆکی سەنتەرەکەو درێژەدان بە دەرکردنو بڵاوکردنەوەی (پردێی ئازاد) وەکو بڵاوکراوەیەکی راستگۆ کە کەموکوڕیو دیاردە نا شارستانییەکانی شار بڵاوبکاتەوە، لەم پێناوەشدا هەمیشە خودی سەرۆکی سەنتەرەکە بکەوێتە بەر هەڕەشەو گوڕەشەی ئەو کەسانەی کە تەنها خەمیان پڕ کردنی گیرفانی هەرگیز پڕ نەبووی خۆیانە، ئەویش چ بە ناوی خزمایەتی ئەمو ئەوو بێ منەتییان لە دەسەڵاتی پردێ کە بە داخەوە دەتوانین بە راشکاوانە بڵێین ئەنجامدانی کاری تەجاوزات بە بەرچاوی حکومەتو حزبو ئەنجوومەنی شارەوانی بێ ئەوەی چارەسەرێکی گونجاوو بنەبڕ بۆ دیاردەی تەجاوزات دابنرێت، بەڵکو حاڵ گەیشتە ئەوەی هەندێ لە کارمەندانی نێو کایەکانی دەسەڵاتیش وەکو خەڵکە تەجاوزچییەکانی تر دەست بە تەجاوز بکەنو کەسیش لێپێچینەوەیان لەگەڵدا نەکات.**

**جەماوەری خۆڕاگرو دەستپاکی پردێ...**

**زۆر بە داخەوە وا بە بەرچاوی دەسەڵاتدارانەوە تەجاوز دەکرێتو دەسەڵاتیش هیچ وەڵامێکی ئەرێنی نییە، تا تەجاوزکاران بە جۆرێك سڵ بە بەڕێوەبەرایەتی ناحیەو ئەنجوومەنو شارەوانی و بنکەی پۆلیسیش نەکەنەوەو بکەونە هەڕەشە کردن لەسەرۆکی سەنتەری رۆشنبیری پردێو پێی بڵێن: (هەرگیز لێت خۆش نابینو لێت بەسەر ناچێ!!) ئەمەش لە ئەنجامی نووسینی مانشێتی ژمارە (42)ی بڵاوکراوەی پردێی ئازاد کە بە ناونیشانی (دروست کردنی ریزە دوکانی تەجاوز بەردەوامەو دەسەڵاتدارانی پردێش بێ دەنگن)، ئەم هەڕەشانەش لەلایەن دوو کەس لەو تەجاوزچییانەوە بوو لە رۆژی شەممەی رێکەوتی 2007/12/8 . ئێستاش کێشەکە وا لە بەردەم دادگادایەو هیواداریین یاساش رەوتی ئاسایی خۆی وەربگرێتو رێگە بە کەسانی تەجاوزچی نەدات. سەرەڕای تەجاوز کردنو بێ**

**یاساییەکانیشیان هەڕەشە لە خە مخۆرانی شار بکەن. لە کاتێکدا کە سەرۆکی سەنتەری رۆشنبیری پردێ ( فازڵ رەشید ) ناسراو بە رابەر رەشید ( ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی جیهان و پەیامنێری تەلەفزیۆنی ئازاد )یشەو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ناحیەو ئە نجوومەن و هێزی فرە رەگەزەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەوە بە فەرمی ناسراوەو رێپێدراوە.**

**لێژنەی راگەیاندنی سەنتەری رۆشنبیری پردێ**
2007/12/8

**هاوکات ناوەندی چاك بە توندی دژ بە هەر هەڕەشەیەك دەوەستێتەوە بۆ سەر دۆستی خۆشەویستی چاك مامۆستا ڕابەر ڕەشید , پاڵپشتی خۆی بۆ داخوازەکەی سەنتەری ڕۆشنبیری پردێ دەرەبڕێت .**

**ناوەندی چاك**
www.chak.be
9-12-2007